بەڕێزان : خەونێکی گەورە بوو بۆ هەموو تاکێکی کوردی و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز، کە ئەمڕۆ سەدام حسێن و داروودەستەکەی لە بەرانبەر دادگا ڕاگیراون بەتۆمەتی ئەنفال و کیمیابارانکردنی کورد .
چەند دانیشتنێک لەو دادگاییکردنە بەڕێوەچووە، گەشبینی دوێنێی شەقامی کوردی بە ڕەهەندی دادگاییکردنەکە ڕوو لەکزییە. هەست دەکرێ هۆلی دادگا بۆتە یەکلایکردنەوەی کێشە سیاسییەکان نەک وەرگرتنی مافی قوربانی لە جەلاد ، ئەمانەو کۆمەڵێ سەرنجی تر ئەمڕۆ بوونەتە باسو خواسێکی هەنووکەیی شەقامی کوردی ، بۆیە ئێمەش وەک دەنگەکان بە پێویستمان زانی بەم چەند پرسیارەی لای خوارەوە لە دەرگایی کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان بدەین .

دەستەی بەڕێوەبردنی دەنگەکان
September 06
www.dengekan.com

**عدالت عمر سالح**

## 1-دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تا چەند پێوەرو گونجاوە بۆ دادگایی کردنی تاوانباران و کۆ کوژی کورد؟

**عەدالەت عومەر**- پێم وایە لە رووی یاسایی پێوەرێکی گونجاوی هەیە چونکە دامەزراندنی ئەم دادگایە دەگرێتەوە بۆ سەرددەمی دەسەڵاتی ئەنجوومەنی حوکم، کە لەم کاتەدا فەمانرەوایی عێراقیان دەکرد وەک دەسەلاتێکی ئینتقالی پاش رووخانی رژێمی دیکتاتوری بەعس، ئەم دادگایە پەیوەندی بە تاوانەکانی دژە مرۆیی و کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی جەنگ هەیە کە بە بریاری یاسایی دەرچووە و هاوکات وەک ماددەیەکی سەرەکی یاسایی سزاکانی عیراقیش جێ بە جێ دەکرێت کە دادگاکە لە رووی دستووری و یاسایی بە قووتتر دەکات، ئەم دادگایە تایبەتە بە کومەلێک تاوانی دیاریکراو کە رژێمێکی دیاری کراو واتە لە (1968/7/17) تا (2003/4/9) ئەنجامی داوەن، واتە سەردەمی دەسەلاتداری رژێمی بەعس کە تایبەتە بە تاوانەکانی (تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی جێنۆساید و تاوانەکانی جەنگ ) کە یەکێک لەم تاوانانە تاوانی ئەنفالە، کە ساڵەکانی 1987 -1988لە خۆ دەگرێت، جگە لە مەسەلە یاساییەکە پێوەرەکانی تر کە دادگاکە گونجاو تر دەکات کەسایەتی داواکاری گشتیە کە سەدا وسەد لە بەرژەوەندی کەیسەکە و کورد کار دەکات و هوشیارانە مامەلە دەکات لە لایەکی تر بەڵگە و دیکۆمێنتەکان کە هاوکات لەگەڵ وتەی شاهیدە و شکاتکارەکان بە کار دێت بە تایبەت ئەو هەویەی احوال مەدەنی قوربانیانی ئەنفال کە لە گۆرە بە کۆمەڵەکان دەر هێنراوەن .

## 2-پرۆسەی دادگاییەکە چۆن دەگوزەرێ و تا چەند تەبایە لەگەڵ خواستی جەماوەری کوردستان و سکاڵای ژیان لێکەوتوو؟

**عەدالەت عومەر** - دەتوانین بڵێن رەوتی دادگا لە ئاستێکی باش بەرێوە چووە راستە پارێزەرانی بەرگری سەدام بەردوام دەیانەوێت رەوتی دادگاکە بگۆرن لە بەر ئەوەی شتێکی تریان لەبەر دەست نیە دەیانەوێت مەغزایەکی سیاسی دروست بکەن بەڵام من دڵنیام ئەوان سەرکەوتوو نابن هەر وەک لە چەندین دانیشتنی رابردو ئەگەر بە باشی سەیرمان کردەبێت هەرکاتێک بزانن رێگای دەرباز بوونیان نیە بە برو بیانوو ساحەی دادگاکە بەجێ دهێلێن، سەبارەت بە تەبا بوون لەگەڵ خواستی جەماوەری کوردستان دەتوانم بڵێم وەلامی ئەم پرسیارە لە چەند ئاست خوی دەبینەتەوە بەشێک لە جەماوەر دەیەوێت هەموو پرۆسەی

ئەنفال لە چەند دانیشتێنێکدا حەسم بکرێت بە خێرایی جینۆساید خۆی بنوێنێت یانی بە پەلەیە لە حالەتێکدا عەدالەت لەم جورە دادگایانە زۆر هێواش( **بگ ىع) خۆی دەنوێنێت بەشێکی تر بەس لایەنی سلبی دادگاکە دەروانن ئەمەش تووشی جورێک دلەراوکەیان دەکات کە دەبێتە هۆی ئەوەی زۆر بێ ویژدانانە هجومی هێندێ لایەن بکەن و پێیان وایە ئەگەر ئەوان بەشداریان کردردەبا حەدسێکی جزری گەوریان دەخۆلقاند بەشی سێیەم لە جەماوەر کە ژمارەیان زۆر کەمە بەشیوەی یاسای دەروانن بیرو بۆچوونی مەنتقیان لەم بارەیە هەیە بەشێکی تر هەر ئاگایان لە مەسەلەکە نیە و هەر دەڵیی نەبای دێ نە باران،**

**سەبارەت بە زیان لێکەوتووان واتە کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال ئەوان هەر کە تاوانبارانیان بینی و دەیبینن کە لە قەفەسی اتهام دا دەر دەکەون بەشێکی زۆری برینیان سارێژ دەبێت بەلام ئەوەی تریان دەکەوێتە ئەستوی پارێزەرەکانیان کە تا چەند دەتوانن لە قاڵبێکی یاسایی و مکوم رێکی بخەن بەلام بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەی دادگایی کردنەکە تا رادەیەک تەبایە لەگەڵ خواستی جەماور لە کوردستان و سکالای زیان لێکەوتووان و گەشبینم بە ئایندەی دادگاکە وسەرکەوتن لە پرۆسەکەدا.**

**3-رەخنەو سەرنجەکانی شەقامی رەوەندی کوردی چۆن دەبینن ؟ ئەتوانن چی بگۆرن لە رەهەندی دادگاییەکە؟**

**عەدالەت عومەر – هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا جاری وا هەیە رخنەکان لە جێی خویەتی وەک رخنە گرتن لە وەرگێرەکان یان لە دادوەر کە بۆ هۆی لابردنیان بە بۆ چوونی من هەر کات رەخنەکانی شەقامی کوردی هاوکات لەگەڵ رەخنەی دەسەلاتی سیاسی یەک بگرێتەوە سەرکەوتنی باشی لێ بەدی دەکرێت بەلام جاری واهەبووە کە زۆر بە بێ ویژدانانە هجوم کراوەتە سەر شاید و شکاتکارەکان بۆ نمونە برادەرێکی نووسەر کە نامەوێت ناوی بینم هجومی کردە سەر کەسو کاری قوربانیان کە بۆ داوای قەرەبوو کردنەوە دەکەن ئەمە مافێکی رەوای خۆیانە ئیمە ناتوانین بە خەڵک بڵێن تۆ مافی ئەوەت نیە لە هەمان کات من باش ئاگام لێیە کە هەمان نووسەر جارێکیان خۆی مەبلەغێک پارەی لە قەرز بووە کە چووتە لای ئەو کەسە کەپارەکەی وەرگرێتەوە گوتبووی هەر ئیستا تا پارەکەم نەدەیتە نارۆم برا گیان!!! تو خوت لە حقێکی کەسیەتی خۆت خۆش نەبووی چۆن دەتوانی بە پیرەمیرد یان پیرەژنێکی داماوە کە هەموو ماڵ و مۆڵکی ژیانی چەند پەلەوەرێک یان مەر مالات بووە سالانێکی زۆرە دەربەدر و ئاوارە چاوی لە دەستی یەکێکی وەک من و تۆ بووە بڵیی وا بیر مەکەوە و تعویزت بۆ چیە؟ بەرژوەندیەکانمان مۆهیم ترە ! بەلام ئەویش بەرژەوەندی خۆی بەلای مۆهیمە، ارە چەندین سالە کەس بەرژەوەندی ئەوانی پاراستووە کە تووشی دەیان کیشە وگیر وگرفتی ئابووری و کۆمەلایەتی ونەخوشی دەرونی بوون یان هەر کەس لە بیری گیرفانی خۆی بوو ئیستاش تازە بەتازە پێیان دەگۆترێت ئیوە بە سودفە کەس کارتان شەهید بوو بە سودفە گوندەکانتان رۆخاو بە سودفە دەربەدەر ئاوارە بوون من هیوا دارم کە هەموویان بەشیک لە قسەکانیان قەرەبوو کردنەوە بێت چونکە ئەوان سالانێکی زۆرە بێ کَەسن.لە کوتایی دەڵیم رەخنە سەرنج ئەگەر لە جێگای خۆی بێت بونیاتنر بێت نەک رۆخێنری کەسایەتی کەس وکاری قوربانیان دەتوانیت لە سەداسەد و رەهەندی دادگاکە لە ئاستی پێویستدا بگۆرێت و دڵنیام ئەو کەسانەی رخنە و پێشنیار سەبارەت بە شایدەکان، وەرگێرەکان، پارێزەرەکان،دادەوەر ئاراستە دەکەن مەبەستیان خەمخوری و سەرکەوتنی پرۆسەی دادگاییەکەیە بۆ بەرژەوەندی گەلەکەمان و سوود ورگرتن بۆ بەدیهینانی ئامانجەکانمان وەک کورد .**

4-بۆچی چۆنیەتی بڕیاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد گرنگە ؟

**عەدالەت عومەر** – بۆ یەکەم جار جینوسایدی ئەنفال لە خاکی عێراقدا لە قالبێکی یاسایی راگەیاندرا، واتە لە دەست پێ کردنی دادگایەکە چونکە کەم تا زۆر دەزانین لە ئاستی نێودەولەتی کردەی جینوساید بە سەر کورددا لە کوردستانی عێراق لە نەتەوەیەکگرتووکان دانی پێدانراوە یەکەمیان لە سالی( 1992 )پاش راپەرینە مەزنەکەی گەلە کوردستان و سەردانی میدانی نوینەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان ومیدل ئیست ووچ و دواتر لە سالّی( 2004 )دا یانی پاش پرۆسەی ئازادی عیراق کە پاش دیداری نوینەری تایبەتی کومیسونی بالآی مافی مرۆڤ لە نەتەوەیەکگرتووەکان لەگەڵ نوینەرانی کەس کاری قوربانیان لە (2003\12 )لە رۆژانی( 7 و8 و9 )لە عۆمانی پایتەختی ئەردەن کە خۆم بە شانازییەوە یەکێک بووم لەم کەسانە بووم پاشان دیداریان لەگەڵ کەس وکاری قوربانیانی ئەنفال وهەڵەبجە لە( 2004\4 )لە رۆژانی( 4 و5 و6 )لە (2004\4\16 )لە کۆمێسونی بالآی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان لە دانیشتنی ژمارە 60 لە فقرەی 9 باس لە ئەنفال و هەڵبجە وەک کردەی جینوساید بەرامبەر بە گەلی کوردستان لە سەردەمی حۆکمی دیکتاتوری سەدام و دار دەستەکەی کراوە بۆیە مادام دان بە جینۆساید نراو زۆر کێشەمان نابێت بەلآم مانای ئەوە نیە کە گرنگ نیە ئیمە دەبێت بە بایەخێکی زیاتر لە سەر ئەم بابەتە بدویین کە بنەمایەکە لە سەر وروژاندنی بابەتی لێبوردنی دەولەتی عیراق بەرامبەر گەلی کوردستان و لە هەمبەر هەموو ئەو جینۆسایدانەی کە لە ماوەی 35 سال حۆکمی دیکتاتوری سەدام و دار دەستەکەی بە ناوی دەوڵەتی عێراق دەرهەق بە گەلی کوردستان ئەنجامی داوەن هەروەها قەرەبووکردنەوەی زەرەرو زیانی مادی مەعنەوی و لە هەموویان گرنگتر سەربەخۆی بۆ کوردستان کە داوی ڕاوای خەڵکی کوردستانە.

**لە کۆتایش سۆپاسی ئەم بەسەر کردنەوەیەی ئیوەی بەرێز دەکەم.**

**عدالت عمر سالح**
2006 9\25